Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Gothenburg

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی یۆتۆبۆری

# بەشداری کۆمەڵە لە خۆپیشاندانی مەحکوم کردنی هەڕەشەی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستان!

ڕۆژی شەممە، ڕیکەوتی ٢٠٠٧-١٠-٢٧ سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتوی شاری یۆتەبۆری لە وولاتی سوئید، بۆ دەربڕینی بێزاری لە هەڕەشەی دەوڵەتی تورکیە لە کوردستان هاتنە شەقامەکان و بە ڕێپێوان و دروشم دان هەڕەشەکانی تورکیەیان مەحکوم کرد.ڕێپێوانەکە لە مەیدانی برۆنس پارکێنەوە دەستی پێ کرد و بەرەو شوێنی یۆتا پلاتسێن درێژەی پێدرا.

دەوڵەتی تورکیە کە بە درێژایی ١۶ ساڵی ڕابوردو، هەڕەشەی لەسەر کوردستانی ڕزگارکراوی باشور و ئەزمونەکەی هەڵ نەگرتوە. ئەم جارە سەرکوتی پککەی لە شاخەکانی قەندیل کردۆتە بیانو بۆ لەشکر کێشی بۆ سەر خاکی کوردستان و تێکدانی ئەو ئارامییەی لەوێ هەیە. بێ گومان گەلی کورد لە بەرابەر ئەو دەست درێژیەدا ڕادەوەستێ و دەسکەوتەکانی خۆی دەپارێزێ.

ئەو خۆپیشاندانە لە لایەن کۆمیتەی هاوبەشی هێزە سیاسیە کوردیەکانەوە بانگاوازی بۆ درابو کە کۆمەڵەش یەکێک لە هێزە چالاکەکانی نێو کۆمیتەکەیە. لە ڕۆژانی ڕابوردودا خۆپیشاندانی لەو چەشنە لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئەوروپا و لەوانە لە ستۆکهۆڵمی سوئید بەرپا بوە.

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی یۆتەبۆری
٢٠٠٧-١٠-٣٠















[www.komala.org](http://www.komala.org)
**E-mail:** [komala.gbg@gmail.com](mailto:komala.gbg@gmail.com)

**Mobile:**+ 0704758070
**Tel & Fax:+** 0704905812
**Adress:** Box 101 **Postnr:** 42423 **Angered Göteborg**
**Postgiro:** 384045-1